گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هۆمۆفۆنی موزیکی لە گۆرانی (دانراو)ی کوردیدا

**سرمند فؤاد محمد**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Sarmandfuad5@gmail.com

**پ.ی.د. محمد عزیز زازا**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
chakermohammad47@gmail.com

**پ.ی.د. دلاوەر مصطفی محمد**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
dlawer.muhammad@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١٢/٢٢
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٣/٧
بڵاو کردنەوە:بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Homophony, Polyphony, Melody, Accompaniment, Chord.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.11

## پوختە

توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە لەسەر رێبازی وەسفی شیکاریی ئەنجامدراوە، لە پرۆسەی هۆمۆفۆنی موزیکی کە کارکردنە لەنێو رەهەندەکانی گۆرانی دانراوی کوردی لە باشوری کوردستان، ئەم پرۆسەیە هەردوو رەهەند، رەهەندی میلۆدی و رەهەندی یاوەریی موزیکی دەگرێتە خۆی. لە توێژینەوەکەدا شیکاریی موزیکیی بۆ یەکە و پێکهاتەی سامپڵەکانی وەرگیراو ئەنجام دراوە و ئەنجامەکەی بریتییە لە توانستی بەکارهێنانی ئەکۆردەکان بە شێوازی یاوەریی موزیکیی کە بتوانرێت بخرێتە خزمەت گۆرانی (دانراو)ی کوردی تەنانەت لەو میلۆدیانەی کە دەنگی (چارەگە تۆن)شیان تێدایە. هەروەها لە میتۆدۆلۆژی ئەم توێژینەوەیەدا چەندین ستایلی جۆر بە جۆر لە شێوازی بەکارهێنان کە پێشتر باوبوون باسیان لێوەکراوە، لەگەڵ خستنە رووی چەند تەکنیکێکی نوێ، بۆ نمونە بەهارهێنانی ئەکۆردی هەڵپەسێردراو (sus4, sus2) کە بۆ یەکەمین جارە بە

شێوەیەیەکی زانستی پەردەی لەسەر ڕادەماڵرێت، ئەمەشیان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم پرۆسەیە لە موزیکی کوردییدا و دواتر دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتە ڕوو.

## پێشەکی

پێشکەوتنی هونەریی بەگشتیی لە دنیای ئەمڕۆدا و بە کلاسیکیکردنی موزیک بە تایبەتی پەیوەندییەکی تۆکمەی بە بوارەکانی هونەریی و بازرگانی و کلتووری و کۆمەڵایەتی و لایەنە فەرهەنگییەکانەوە هەیە، بۆ نموونە پابەندبوون و هەوڵی بەردەوامی دانەرانی موزیکی کوردی بۆ یارمەتیدان لە گرتنەبەری ڕێگایەکی نوێ بۆ ئەوەی کارەکتەری موزیکی خۆی کە خۆی لە شێوازی میلۆدی و ڕیتم و مۆد و فۆرم و هارمۆنیدا دەبینێتەوە هەروەها کەلەپووورە دەوڵەمەندەکەی بباتە پلە و پایەی شیاو تر و باڵا تر. هۆمۆفۆنی وەک پرۆسەیەکی دەوڵەمەندیبەخشی هونەریی بە یەکێك لە گرنگترین پرۆسەکانی بنیادی موزیکی دادەنرێت، ئەم پرۆسەیە بە شێوازی چنینێکی تاڕادەیەک سادە، کە لە زۆربەی شێوازەکانی موزیکی کلاسیکی و موزیک میللەتان و ستایلە موزیلیەکانی وەك: جاز و بلوز و ڕۆك و پۆپ میوزیک، دەردەکەوێت. بەڵام ئەم بەکارهێنانەش وای کردووە کە ژمارە و جۆری کۆردەکان زۆر زیاد بکات و هەمواری کۆردەکان بۆ چەندین شێوازی جیاجیا لە لایەن موزیکزانەکان گۆڕانی بەسەردا بێت. ئەم هەموار کردنە یاخود گۆڕانکاریانە بە یەکێك لە گۆڕانکاریە گەورەکان لە مامەڵەکردنی هارمۆنی بەرامبەر بە میلۆدی دادەندرێت. زۆربەی ئەو ئاوازدانەرە ڕۆژهەڵاتیانەی کە هارمۆنی لە کارەکانیاندا بەدی دەکرێت، پێیان وایە موزیکی لۆکاڵی بە بەکارهێنانی یاساکانی موزیکی کلاسیکی بە تایبەتی ڕێساکانی هارمۆنی، پایەی موزیکەکە دەباتە شایستەی هونەریی "کلاسیکی و نێودەوڵەتی".

## ١. چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### ١.١ کێشەی توێژینەوە

لەبارەی موزیکی ڕۆژهەڵاتییەوە، بەربەست و گرفتێکی گەورە هەیە لەوەی کە بە ئاسانی دڵنیابیت لەوەی کە چۆن تۆنە ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ کۆردە هارمۆنیەکان دەگونجێت. دانەرانی ئەکادیمی

موزیکی ڕۆژهەڵاتی بە تەوسەوە باس لە ڕێکارە زانستیەکانی بە هارمۆنی کردنی موزیکەکانیان دەکەن، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا دانەرانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ئەوانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن ڕازین بەوەی سەرجەم موزیکەکانیان هارمۆنیزە کراو بێت لەم بوارەدا؟ بۆیە لە ئەنجامی ئەم هاوکێشەیە بەگشتی بیر لەوە کراوەتەوە کە چۆن بەهارمۆنیزە کردنی مۆزیکی لۆکاڵی بەشێوەیەک بێت کە کاری مامەڵە کردن لەگەڵ میلۆدیە ڕۆژهەڵاتیەکان زیاتر پرۆسێسێکی جیاواز و گونجاو بێت لە گەڵ ڕۆحی ئاوازە ڕۆژهەڵاتیەکان و بۆ ئەوەی یەکەیەکی هونەریی یەکانگیربێت، بە تایبەتی لە مامەڵە کردن لەگەڵ مۆدە ڕۆژهەڵاتەکاندا، لێرەدا کاراکتەر و مۆرکی ڕاستەقینەی موزیکەکە بە شێوازێکی ئەکادیمی دەخرێتە ڕوو بۆیە موزیکژەنانی ڕۆژهەڵات ئارەزویانە لە بە هارمۆنیزەکردنی مۆزیکەکەیان ئەزمونە هارمۆنیەکانیان بەردەوام کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا هەبێت و کە تا ئێستا بە داخەوە ئەم دیاردەیە لە نێو موزیکی کوردیدا زۆر کەم دەبیندرێت. لە هەموو ئەو کارانەی کە تێبینیمان کردووە بەتایبەتی هەندێک لەو کارانەی کە ئاوازدانەرەکانی وڵاتانی دراوسێ بە کورد کارەکانیان کردووە لە شاکارەکانیان کارەکتەری تۆنی ڕۆژهەڵاتیان بە شێوەیەکی جوان پاراستووە.

لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە، ئایا ئەم بە هارمۆنیزە کردنە بەهایەکی جوانیی و بەرگێکی نوێ بە موزیکەکە دەبەخشێت؟ لە لایەکی ترەوە ئایا ئەو موزیکژەنانە دەتوانن لە سازان و گونجانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی و خزمەتی ئاوازی سەرەکی شانبەشان لەگەڵ یاوەری کردنی هارمۆنیاکەی بەو مەرجەی کە ڕۆحێکی تازە بە کارەکتەری میلۆدیەکەوە سەرکەوتووبن؟

بێگوومان لە موزیکی کوردییشدا هەوڵی کارامە لەو شێوەیە دراوە، لێرەدا دەپرسین بە چ شێوەیەک تواندراوە هاوسەنگییەکی گونجاو لەگەڵ خاسیەتەکانی ئاواز لە میلۆدی کوردییدا دابندرێت؟ هەروەها درککردن بە یاساکانی فرەدەنگی و هارمۆنی و هۆمۆفۆنی ڕۆژئاوایی تایبەت بە موزیک لە لایەن ئەم ئاواز دانەرانەوە گەیشتۆتە ڕاددەی پێگەیشتنێکی هونەری و چەکەرەی کردووە؟ لە سەرەتاشدا دەبێت ئەوە بزانین ئەم پرۆسەیە لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێت ئاوێتەی مۆرک و پێکهاتەی میلۆدییەکانی لۆکاڵیە کوردیەکان بن و بگونجێن، چونکە ڕەنگە لە ئەنجامدا لەگەڵ کاراییەکانی ئاوازی کوردییدا ناتەبا دەربکەون.

بۆیە لێرەدا توێژەران بە دڵنیاییەوە کێشەی توێژینەوە بەوە دەبینن کە چۆن بتواندرێت هۆمۆفۆنی موزیکی لە نێو گۆرانی داندراوی کوردیدا بەو شێوەیە جێگای بکرێتەوە کە ببێتە مایەی ئەوەی کە دەوڵەمەندی و بەهێز و مۆرکی تایبەتمەندی دانەری ئەو میلۆدیانە بخاتە ڕوو هەروەها ئەو یاوەری کردنە هارمۆنیەش ببێتە کایەکی زۆر کارا و بتواندرێت لە داهاتوێکی نزیکدا ئەم پرۆسەیە بگاتە ئامانجی خۆی بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی پرۆسەی موزیکی نوێگەری سەردەمیانە لە بوارە جیایاکاندا بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا موزیکی کوردیش بگرێتەوە و بگاتە ئەو ئاستەی کە تیایدا ئەو موزیکە لە رووی پڕکتیزەییەوە بە کلاسیکی بکرێت.

**٢.١ گرنگی توێژینەوە**:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەکرێت ئەم بابەتە ببێتە سەرچاوە و ڕێگا خۆشکەری هونەریی بۆ ئەوەی لە داهاتوودا گۆرانی دانراوی کوردی بە تایبەتی و گۆرانی (میللی وفۆلکلۆری)یش بە گشتی بە شێوازێکی زانستی بتوانرێت خستنەکاریی هارمۆنی بۆ بکرێت.

**٣.١ ئامانجی توێژینەوە:**

ناسینی تەکنیک و شێوازی بەکارهێنانی پرۆسەی هۆمۆفۆنی و ئەو کۆردانەی کە بۆ یاوەریکردنی میلۆدیی گورانی دانراوی کوردی لە موزیکی هاوچەرخدا بەکاردەهێندرێن.

**٤.١ سنووری توێژینەوە**

١،٤،١ سنووری کاتیی: لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٢٠

٢،٤،١ سنووری جوگرافیی: باشووری کوردستان (کوردستانی عیراق ناوەندی شاری هەولێر وەک نمونە)

٣،٤،١ سنووری بابەتیی: هەموو ئەو شێوازە کۆردانەی کە بۆ بەرهەمە هونەرییەکان لە گۆرانی دانراوی کوردی لە باشووری کوردستان بەکارهاتوون.

### ١.٥ گریمانەی توێژینەوە:

بەکارهێنانی هۆمۆفۆنی لە موزیک و گۆرانی کوردیدا، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی لە بنیادی موزیک لە بەرهەمەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیک و بەها جوانییەکەی.

### ١.٦ میتۆدی توێژینەوە:

بریتییە لە ڕێبازی وەسفی شیکاری کە بە وەسفکردنی دیاردەیەک لە فۆڕمی بنەڕەتی خۆی دایە و گرنگی بە پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی وەسفکەردەدات دواتر کارکردن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەم دیاردەیە بر مەبەستی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی ئەمە لە ڕێگای زانیاری و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی ڕوودانی گەیشتن بە ئەنجامەکانی چارەسەرکردنی ئەم توێژینەوەیە.

### ١.٧ پێناسەی زاراوە و کلیلە وشەکان

١.٧.١ هۆمۆفۆنی Homophonyوەکو زاراوە: زاراوەی هۆمۆفۆنیك لە وشەی یۆنانی هۆمۆ هاتووە کە بە واتای "هەمان" یان "هاوشێوە" دێت، هەروەها فۆنیکیش بە واتای (دەنگ) دێت. لە کاتێکدا دەتوانرێت هۆمۆفۆنی لە هەموو شێوازە موزیکییەکانی ئەوروپادا ببیسترێت. یەکەم نموونەی بە نۆتەکردنی ئەم بابەتە لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاستدا لە موزیکی سەمادا دەرکەوتن، بەڵام بە شێوەیەکی تر تۆمارێکی کەم لە هۆمۆفۆنی لە سەردەمی ڕێنێسانسدا هەبووە و بۆمان ماوەتەوە.

هۆمۆفۆنی وەک پێناسە بۆ یەکەمجار وەک یەکێک لە پێکهاتە باڵادەستەکانی موزیکی ڕۆژئاوا لە سەردەمی بارۆکدا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا دەرکەوت، کاتێک ئاوازدانەرەکان دەستیان بە ئاوازدانان بە شێوەیەکی باو بە بیرکردنەوە لە هارمۆنی کرد بریتییبوو لە بەیزی (Bass) بەردەوامی هۆمۆفۆنی، کە تایبەتمەندییەکی یەکلاکەرەوەی لە شێوازەکەیدا هەیە. لەو کاتەوە ڕێکخستنی کۆڕاڵی چوار دەنگ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تێنۆر و باس) لە موزیکی ڕۆژئاوادا باو بوو. هۆمۆفۆنی پێکهاتەیەکی موزیکییە کە بە پلەی یەکەم لەسەر کۆردەکان دامەزراوە، بە پێچەوانەی پۆلیفۆنی کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی میلۆدییە سەربەخۆکانەوە دروست دەبێت. لە پرۆسەی

هۆمۆفۆنی، کۆردەکان بەزۆری زیاتر مەیلی زاڵبوونیان هەیە و جیاوازی شێوەی ڕیتمی لە نێوان کۆردەکانیشدا کەمە، لە کاتێکدا ڕیتم لە پۆلیفۆنیدا پشتگیری سەربەخۆیی بۆ میلۆدییەکان دەهێڵێتەوە(Mellers, 2017:56).

١.٧.٢ پۆلیفۆنی (فرەدەنگیی): فرەدەنگی شۆڕشێکی مەزن بوو لە موزیکی کلاسیکی، جیاواز لە موزیکی ڕۆژهەڵات کە بە زیادکردنی هێڵێک بۆ سەرەوەی ئاوازەکە گەشە دەکات، فرەدەنگیی ڕۆژئاوا لە سەدەی نۆیەمەوە دەست پێدەکات و جیهانێکی فراوان دەدۆزێتەوە کە چەندین هێڵی ئاوازیی لە یەک کاتدا تێیدا دروست دەبێت. فرەدەنگی لە موزیکدا بە مانای تێکەڵکردنی دەنگە سەربەخۆکانە و لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دەنگی جیاجیا بە یاسای هارمۆنی پێکەوە گرێدراون، ئەمەش یەکێکە لە ئامرازەکانی فرە میلۆدی. فرەدەنگی بونیادێکی دەنگییە کە کارایییەکەی جوانکردنی کارە موزیکییەکەیە بەپێی یاساکانی هارمۆنی (Bergwall 2016) .

١.٧.٣ میلۆدی Melody: لە فەرهەنگی یۆنانیدا بە مانای ئاواز دێت، میلۆدی زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکی تۆنەکانی موزیکە کە گوێگر وەک یەکتابوونێک هەستی پێدەکات. بە واتایەکی تر میلۆدی ئاوێتەیەکە لە بەرزی و نزمی دەنگ (Peach) و ڕیتم کە لە نێو ئیدراکی گوێگر بە شێوەی پێکهاتەیەکی نەپچڕاو هەستی پێدەکرێت، ئەم زاراوەیە دەتوانێت توخمە موزیکییەکانی دیکەی وەک کارایی تۆناڵی لەخۆ بگرێت. (Forte, 1979: 203)

١.٧.٤ یاوەرییکردن: ئەو پێکهاتە موزیکییەیە کە بەشێوەی ڕیتمێک یان هارمۆنیەکی گونجاو پشتگیریی میلۆدیەک یان مۆتیڤێکی سەرەکیی گۆرانییەک یان پارچە موزیکێک دەکات. چەندین شێواز و جۆری جیاوازی یاوەریکردن لە ژانر و شێوازە جیاوازەکانی موزیکدا هەن. لە پرۆسەی هۆمۆفۆنیدا، ئاوازە سەرەکیەکە بە کۆرد یاوەریی دەکرێت، بە تایبەتی لە موزیکی میللیدا. هەروەها لە موزیکی کلاسیکیدا، بنیادی یاوەریکردن بە شێوەیەکی گشتی ترپەکان بۆ موزیکەکە دابین دەکەن و ڕێڕەوی ئاکۆردی گۆرانییەکە یان پارچە موزیکەکە دەخەنە ڕوو (van, 1989: 320).

١.٧.٥ کۆردChord : یاخود چەمکی کۆرد، بە هاودەمکردنی دەنگە موزیکییەکان دێنە ئاراوە، کە لە سێ دەنگ یاخود زیاتر ڕێکدەخرێن. هەر کۆمەڵەیەکی هارمۆنی لە لەرینەوەی دەنگی دیارییکراو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهاتووە و ئەوانیش لە چەندین نۆتە (کە پێی دەوترێت "پیچ") کە دەبیسترێت وەک ئەوەی لە یەک کاتدا بژەندرێت یان بچڕدرێت. کۆرد بۆ زۆر مەبەستی پراکتیکی و تیۆری بەکاردێت، شێوازەکانی بریتیین لە ئارپێجیۆ و کۆردی میلۆدی (کە تێیدا نۆتەکانی کۆردەکە یەک لە دوای یەک دەژەنرێن، نەک لە یەک کاتدا)، لە زنجیرەی تۆنەکانی کۆرد هەژمار بکرێت. لە موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوایی تۆناڵیدا زۆرترین جار لە سێ دەنگ پێک دێن، چونکە لە سێ دەنگی جیاواز پێکدێن: دەنگی بنکە(تۆنیک)، هەرقوەها دەنگەکانی سێیەم و پێنجەم لە سەرووی دەنگی بنکەوە *(Moylan, 2014)*.

## ٢. چواچێوەی تیۆریی

### ١.٢ مێژووی سەرهەڵدانی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی)

موزیکی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە ساڵانی(500- 1400)ز، کە درێژترین ماوەی موزیکیە (900) ساڵ دادەپۆشێت و ڕێک لە دەوروبەری کاتی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی تا سەرەتای سەدەی ڕێنێسانس درێژ دەبێتەوە(Berger, 2005: 258). موزیکی سەدەکانی ناوەڕاست موزیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە سەدەی 6 تا 15 دەگرێتەوە. ( Cyrus: online)

داڕشتنی موزیکی سەدەکانی ناوەڕاست، بۆ هەندێک موزیکی دەنگ و ئامێر، بۆ چەندین جۆری جیاوازی موزیک (ستایلی موزیک) دانراوە. ئاوازدانەرانی سەدەکانی ناوەڕاست زۆربەی کات موزیکیان بۆ پیرۆزیی سرووتەکانی ئایینی و هەندێک جاریش بۆ بابەتی دونیایی نوسیوە، ئەوە جگە لە هەندێك موزیك کە بۆ ئامێرەکانی ئەو سەردەمە نوسراوە. جۆری (لیتۆرگی[1]) و سرودەکانی گریگۆرییەوە لەلایەن قەشەکانەوە بە شێوازی (مۆنۆفۆنی) و هەروەها فرە دەنگەکان(پۆلیفۆنی) و پەرەسەندنی فۆرمە پۆلیفۆنیکەکان، لەگەڵ هەڵچوونی دەنگە جیاوازەکان، لەگەڵ شێوازی ئارس نۆڤای سەدەی ناوەڕاستدا لە کۆتاییەکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستی

[1] موزیکی لیتورگی، یان موزیکی کەنیسە، موزیکێکە کە لە کاتی پەرستن یان نەریتی ئایینیدا ئەنجام دەدرێت. کۆنترین مزیکی ناسراوی جیهانە کە پەیوەست بوو بە نەریتە ئاینییەکان.

دەستیان بە گەشەکردن کرد کە خۆی لە سەدەی 13 و سەرەتای سەدەی 14دا دەبینییەوە (شامبینیول، ١٩٩٩).

سەرەتای دروست بوونی فرە دەنگی (polyphony) بە درێژایی سەدەکان، موزیکی ڕۆژئاوا لە بنچینەدا مۆفۆفۆنیک بووە. بەڵام لە نێوان ساڵانی 700 تا 900 زاینی یەکەم هەنگاو کە بە شۆڕشێکی تری موزیکی دادەنرێت کە موزیکی ڕۆژئاوای گۆڕی ئەوە بوو دەست کرا بە زیادکردنی هێڵی دووەمی میلۆدی بۆ سرووودی گریگۆری. شێوازی گۆرانی گریگۆریانۆ و نوسینەوەی دوای ئەو هەموو پێشکەوتنەی بە خۆیەوە بینی هێشتا بە بەردەوامی لە هەوڵی نوێکاری و بەرەو پێشەوە چوونی زیاتر بوون، بۆیە هەرجارەو لق و پۆپی تری لێ دەبۆوە. یەکێکیش لەو پێشکەوتنانەی کە بەخۆیەوە بینی بریتی بوو لە نوسینەوەی موزیکی  پۆلیفۆنی کڵیسایی، کە جیاواز بوو لە گەڵ شێوازی مۆنۆفۆنیدا. هەربۆیە دانانی موزیکی پۆلیفۆنی و کارپێکردنی لە ناو ئاواز و میلۆدیەکانی کڵێسا زیاتر بۆ نوێکردنەوەی گۆرانیەکانی کڵێسا بوو. پیاوانی باڵا دەست و موزیکزان و پیاوانی ئایینی هەر لە سەدەی نۆیەمەوە، کەوتنە هەوڵدان بۆ مەبەستی یاوەری(مصاحبە) کردنی میلۆدیە کڵێساییەکان کە بە کانتوس فیرمۆس(Cantus Firmus) ناسرابوو، لە گەڵ میلۆدیەکی تر بێ ئەوەی کاریگەری یان گرنگی میلۆدیە سەرەکیەکە کەم بکاتەوە. هەروەها ئەم دوو میلۆدیە بە شێوازی دەنگ بەرامبەر دەنگ دەنوسرانەوە و دواتر ئەم شێوازە بە کاونترپۆینت(Cauntr Punto) ناسرا و بڵاو بۆوە، بەو پێیە پۆلیفۆنی بریتیە لە چڕین یان ژەنینی ئامێر لە لایەن دوو کەس یان زیاتر لەیەك کاتدا، لە دوو میلۆدی جیاواز یان زیاتر، بە هۆی پەیوەندیەکی بەهێزی هارمۆنیەوە. بەم پێیە پۆلیفۆنی دەنگیی لە دایك دەبێت کە بە گەورەترین دەستکەوتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دادەندرێت (Bergwall, 2016: 154).

دواتر لە سەردەمی ئارس ئەنتیکوا (Ars Antiqua)دا کە سەردەمێکی کورت و پوختی هونەری بوو  خایاندەکەی دەکەوێتە نێوان سەردەمەکانی ڕۆمانسیك و سەردەمی ڕێنسانس، کە دەور و بەری ساڵانی(١٢٠٠)ز دەگرێتەوە و دواتر سەردەمێکی تری بەدوادا دێت کە بە ناوی (ئارس نۆڤا)ناوزەد دەکرێت، کە ئەویش سەردەمێکی تا ڕادەیەك کورتی خایاند. لە سەردەمی ئارس ئەنتیکۆدا، یەکەم قوتابخانەی پیتاگۆری ئەوروپی لە دایك دەبێت کە ئەویش قوتابخانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(نۆتردام)ە لە پاریس. قوتابخانەی نۆتردام جەخت لە نوسینەوە و خوێندنەوەی دەنگەکان و موزیکەکان بوو هەروەها دابەش کردنی موزیك بوو بە شێوازی پۆلیفۆنی، کە هەردوو موزیکزانی بەناوبانگ لیۆنینۆس(Leoninus) و پیرۆتینۆس(Perotinus)، کاری زۆریان کرد بۆ فراوان کردن و پێشکەوتنی شێوازی موزیك لە کڵێساکاندا. نوێکاریەکانی لیۆنینۆس بریتی بوون لە زیاد کردنی دەنگەکان یاخود بلێین هێڵەکانی شێوازی موزیکی (ئۆرگانۆم)، لە دوو هێڵەوە بۆ سێ یان چوار هێڵ. (شامبینیول، ٢٠١٨: ٨٣).

ئارس نۆڤا (Ars Nova) وشەیەکی لاتینیە و بە مانای هونەری نوێ دێت، لە دەوروبەری ساڵانی (١٤٠٠)زاییینیەوە، ئەم زاراوەیەش لە پەرتوکەکەی موزیکزانی فەرەنسی فیلیپ دی ڤیتری(Philipe De Vitry)، وەرگیراوە کە تیایدا باس لە نوێکاریەکانی بواری تیوری موزیك و پراکتیکی موزیکی دەکات لەو سەردەمە کە موزیك پێی گەیشتبوو. ئەم سەردەمە سەرەتایەك بوو بۆ دروست بوونی هونەری دونیایی و ئازاد بوونی موزیك لە نێو کڵێساکان بۆ موزێکی گوزارشتیی لە ئارەزووەکانی مرۆڤ، ئەم ئازادیەش لە بواری موزیك هەموو لایەنەکانی هارمۆنی و میلۆدی و ڕیتمی گرتەوە و فۆرمی پۆلیفۆنی پێشکەوتنێکی زۆری بە نۆبەرەی تیوری موزیك بەخشی و دەوڵەمەندتری کردمبارک، ٢٠٢٠: ٢١١).

دوای ئەمەش سەردەمی ڕێنێسانس کە لە دەوروبەری ساڵی (1400ز) و لە دەوروبەری (1600ز) کۆتایی دێت تیایدا موزیك بە شێوەیەکی زۆر لە سنوورەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بژارکرا و جیاوازی زیاتر لە بواری ڕیتم، هارمۆنی، فۆرم هاتە کایەوە. (المحاسب، ٢٠٠٠).

لە سەردەمی بارۆکدا(١٦٠٠ -١٧٥٠ز)، ئەم سەردەمە دوای سەردەمی ڕێنێسانس دێت، لەم سەردەمەدا زاراوەی تایبەت بە گۆرانی و موزیکی ئامێر و جیاوازییە نەتەوەییەکان ڕوونتر بوون. هەروەها ڕێکخستنی تۆناڵی موزیک پەرەی سەند و ئەو نەخشانەی سەر بە سەدەکانی ناوەڕاست بوون لە ڕابردوودا کە وردە وردە جێگەیان گرتەوە، لە ماوەی سەدەی حەڤدەهەمدا، بە سیستەمی مەقام ناسراوە کە تا ساڵی (١٩٠٠ز) درێژەی کێشا لە موزیکی کلاسیکیدا زاڵ بوو، سیستەمێک کە لەسەر بنەمای مەقامی دژ بەیەک بێت، یان کۆمەڵێک نۆت و ئاوێتە بوون کە لە مەقامی بچووک یان گەورەوە وەرگیراون. بە تێڕامان ئەو قۆناغە بە گشتی، دوو داهێنانی دیکە کە بە ڕوونی لە

سەردەمی ڕێنێسانس جیای دەکاتەوە دەرکەوت، ئەم دوو داهێنانە بریتی بوون لە کۆنشێرتۆ، یان دوێتی بۆ ئامێرەکان، ئاڵ و گۆڕی دەنگەکان و کۆردەکان، ئاڵوگۆڕی ئامێرەکان، هەروەها بەیزی بەردەوام، یان بەیزی ژمارەدار(الباص المرقوم)، کە یاوەری دەکات بە ئامێرێکی ئۆکتاڤ نزمتر وەک ئامێرەکانی چەلۆ یان باسۆن، لەگەڵ ئامێرێکی کلیلدار لەگەڵیدا بێت بۆ دیارخستنی هارمۆنی. بەیسی ژمارەدار، یان بەیزی بەردەوام، جۆرێکە لە شێوازی نووسین یاخود دانانی موزیکی بەکاردێت بۆدانان و نیشاندانی کۆردەکان و تۆنەکانی دەرەوەی کۆردەکان، کە پێوەندیان هەبێ لەگەڵ تۆنی بەیزدا، بەیزی ژمارەدار پەیوەندی بە بەیزی بەهێزەوە هەیە و بەکار دێت بۆ یاوەری کردنی دەنگەکانی میلۆدی ئەگەرچی ئەو دەنگانەش کە لە ناو کۆردەکەدا نەبن، هەروەها لە زۆربەی موزیکەکانی ئەو سەردەمەدا بەکارهاتووە(WAINWRIGHT, 2017:112).

موزیکی سەردەمی کلاسیك بەرهەمێکی موزیکی هونەریی ڕەگ و ڕیشەی جیاوازلە نەریتی موزیکی ڕۆژئاوادا هاتە کایەوە، لەوانە موزیکی دونیایی و ئاییینی. ئەو قۆناغەی کە لە ساڵانی ١٧٥٠-١٨٢٠ بە سەردەمی موزیکی کلاسیک ناودەبرا، موزیکی کلاسیک تێیدا پەرەی سەند و یاسا بنەڕەتییەکانی کۆت و بەند کران . لە سەردەمی کلاسیکدا زۆرێک لە یاساکانی پێشکەشکردن و ئاوازدانان لە پێکهاتەی موزیکدا سەریان هەڵدا، وەک موزیکی ژوور(Chant music) (جۆرێک لە موزیکی کلاسیکی کە لە ژوورەکانی ناو کۆشکەکاندا نمایش دەکرا) و ئۆپێرا دەستی کرد بە گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی لە زۆربەی ئەوروپا. هەروەها لایەنی هارمۆنی لە موزیکی کلاسیکی گەیشتە لوتکەی خۆی، بەیایبەتی تێکستچەری هۆمۆفۆنی گرنگترین و باوترین جۆری هارمۆنی بوو لەم سەردەمەدا و ئامێرە فودارەکان وردتر تەکنیکەکانیان بەرجەستە دەکردن و گرنگیەکی تایبەتیان پێدرا لە ڕووی هارمۆنیەوە(Kallen, 2013:45).

### ٢،٢ هۆمۆفۆنیی لە موزیکی میللەتانی ڕۆژهەڵات

هۆمۆفۆنی لە کولتووری میللەتانی تر ڕۆژهەڵاتیشدا دەرکەوتووە، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە موزیکی ئامێری و ڤۆکاڵ تێدا باو بووە. گۆرانیبێژەکان بە کۆردی سێی هاوتەریب یان کۆردی چواریی میلۆدییەکانیان دەچڕن. بۆ نموونە، خەڵکی فانگ لە گابۆن لە هەندێک لە موزیککانیاندا هۆمۆفۆنییان بەکارهێناوە. لە ڕۆژهەڵاتی ئەندەنوسیا (واتە لە موزیکی تۆراجا لە باشووری

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سولاوێسی، لە فلۆریس، لە ڕۆژهەڵاتی کالیمانتان و لە باکووری سولاوێسی)، بەزۆری هارمۆنیەکانیان بریتیین لە کۆردی سێیی و چواریی و پێنجیی. سەرەڕای ئەوەش زۆربەی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی هۆمۆفۆنییە، هەرچەندە پۆلیفۆنیش پێکهاتەیەکی گرنگ و ڕۆڵی خۆی لەم هەرێمەدا هەیە. هەروەها موزیکی چینی بەگشتی هۆمۆفۆنیە و بەو پێیەی کۆردەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە چواریی و پێنجیی هاوتەریب (پاڕاڵێل) کە یاوەری میلۆدییەکان دەکەن و زۆرجار دەنگ لە موزیکی ڤۆکاڵدا دوو هێندە دەکەنەوە و بە شێوازی چنینی هێتێرۆفۆنیی بەکاری دەهێندرێت (Kallen, 2013: 149).

لە هەموو ئەو کارانەی کە تێبینیمان کردووە بە تایبەتی هەندێک لەو کارانەی کە ئاوازدانەرە عەرەبەکانی وەکو تەوفیق ئەلباشا توفیق سوککەر و برایانی ڕەحبانی لە شاکارەکانیان کاراکتەری ڕۆژهەڵاتیان پاراستبوو. بۆیە لێرەدا دەتوانین دوو گرووپ لە ئاوازدانەرانی ڕۆژهەڵات جیابکەینەوە: یەکەمیان ئەو ئاوازدانەرانەی کە بە هەموو کارەکانیان گەیشتونەتە ئە ڕاددەیەی بە شێوازێکی پۆلیفۆنی کارەکانیان نمایش بکەن بێ ئەوەی ئاگاداری کەلەپوور و بابەتی ڕەسەنایەتی موزیکی خۆیان بن، گرووپی دووەمیشیان ئەوانەن کە هەوێنی کارەکانیان موزیکی کەلەپوری میللەتەکەیان بووە و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.

### ٣.٢ هۆمۆفۆمی لە ڕووی زانستی هارمۆنیدا

هۆمۆفۆنی بە دەرکەوتنی لە فۆڕمی ئایینیدا دەستی پێکرد، جێگەی پۆلیفۆنی و مۆنۆفۆنی وەک فۆڕمێکی باڵادەست گرتەوە، بڵاوبووەوە بەرەو موزیکی دونیایی هەنگاو نا، بۆ ئەمەش یەکێکە لە فۆرمەکانی ئەمڕۆی ستاندارد ئەژمار دەکرێت، پێکهاتەی هۆمۆفۆنی، باوترین جۆری پێکهاتەیە کە لە موزیکی ئەمڕۆدا دەبینرێت دوو جۆری سەرەکی تری پێکهاتەی ئەم بابەتە بریتین لە مۆنۆفۆنی و پۆلیفۆنی. هۆمۆفۆنی وەک پێکهاتەیەکی هونەریی لە تەک مۆنۆفۆنییە چونکە یەک میلۆدی سەرەکی هەیە کە دەژەنرێت، بەڵام هاڕمۆنی و یاوەری بۆ میلۆدییەکە زیاد دەکات. لەو پێکهاتەیە کە زۆرترینی لە موزیکی پۆپ و موزیکی فیلم و جاز و ڕۆک و کلاسیکیترین موزیکی سەدەی ڕابردوودا دەکەوێتە بەر گوێ. ئەو ئاوازدانەرانەی کە بە کارە هۆمۆفۆنیەکانیان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەمی بارۆکدا ناسراون بریتین لە کلۆدیۆ مۆنتیڤێردی، ئەنتۆنیۆ ڤیڤالدی، جۆرج فریدریک هاندێل و یۆهان سێباستیان باخ (Mellers, W, 2017, 56).

**٤.٢ پێکهاتەو جۆرەکانی هۆمۆفۆنی**

پێکهاتەی هۆمۆفۆنی پرۆسەی ئەو بنیادە موزیکییەیە کە دەتوانێت چەندین کۆردی موزیکی یاوەری میلۆدییەک بکەن، بەڵام هەموو کۆردەکان ئاوێتەی هەمان ئەو میلۆدیە دەبن بە شێوازێکی سازان و گونجاو دروست بکەن کە سەرەنجام پێکهاتەیەکی ئاوێتە لە شێوازی هارمۆنی بێتە بەرهەم.

**١.٤.٢ پێکهاتەو جۆرەکانی هۆمۆفۆنی**

بۆیە لێرەدا دوو جۆری سەرەکی کە بریتین لە: آ- پێکهاتەی هۆمۆریتمی ب- پێکهاتەی زاڵ بەسەر میلۆدیدا

ئێستا کەمێک لە نزیکەوە سەیری ئەم دوو جۆرە هۆمۆفۆنییە دەکەین.

آ- پێکهاتەی هۆمۆریتمی: پێکهاتەی هۆمۆریتمی ئەو پێکهاتەیە کە هەموو بەشەکانی میلۆدی و هارمۆنیەکان بە تەواوی هەمان ڕیتمیان هەبێت. ئەم جۆرە پێکهاتەیە پێی دەوترێت پێکهاتەی کۆردی پێداڵ کە زۆرجار لە موزیکی یاوەریکردنی کۆراڵ و سروودەکان دەبیسترێت.

نموونەیەکی کلاسیکی بەناوبانگی ئەم جۆرە لە پێکهاتەیە لە کۆراڵی (کۆرەکەی هالێلوی)ی (هاندێل)ە.

ب- پێکهاتەی زاڵ بەسەر میلۆدی: هەر جۆرێکی تر لە هۆمۆفۆنی ترە کە کۆرد و میلۆدی دوو پێکهاتەی ڕیتمی جیاوازیان هەبێت. میلۆدی بیرۆکەی سەرەکی موزیکیە کە گوێگر دەیبیستێت، هارمۆنیەکەش بەردەوام ڕۆڵێکی پاڵپشت دەبینێت. لەو پارچە موزیکانەی کە ئەم پێکهاتە هەیە، هارمۆنیەکە بە تەواوی لەگەڵ میلۆدیەکەدا ناگونجێت. جاز و فۆرمەکانی تری موزیکی باوی مۆدێرن بەگشتی لە پێکهاتەی هۆمۆفۆنیین، ئەمەش دوای پێشکەوتن و گۆڕانکاری و هاتنەکایەوەی زۆرێک لە کۆردە جیاوازەکان زیاتر ئەم پێکهاتەیەی چەسپاند (Long, 2020: 44).


**٥.٢ هۆمۆفۆنی وەکو چنینی موزیکی**

چنینی هۆمۆفۆنی (Homophonic texture) یان یاوەریکردنی ئاواز، ئەم جۆرە چنینە موزیکییە لە سادەترین شێوە لە داڕشتنەکەی پێکهاتووە. فۆرمێکی سادەیە لە چنینێکی دوو توخمی موزیکدا پێکهاتووە و دەکرێت بوترێت چنینێکی (Homophonic) ە و لە ئاوازی بنچینەیی و یاوەری پێک دێت. پێکهاتەی چنینی دوو توخم هۆمۆفۆنی بەم شێوەیە؛ یەکەمیان ئاوازە سەرەکییەکەیە و دووەمیان یاوەری هارمۆنییەکەیەتی. چونکە پرۆسەی گونجاندنی موزیکیی لە نێوان دوو توخمدا (ئاواز لەگەڵ هارمۆنی) کە پێویستە میلۆدی یان گۆرانی، بە وردی لەگەڵ کۆڕدەکانی هارمۆنیداهاوسەنگ بکرێت. تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەم چنینە لە دوو توخم پێکهاتووە، یەکەمیان میلۆدی، کە لەوانەیە بە یەک ئامێر یان کۆمەڵە ئامێرێک ئەنجام بدرێت. لە کاتێکدا دووەمیان توخمی هارمۆنییە، کە زەمینەیەکی لەبار پێکدێنێت لەگەڵ پاشبنەمای Backgroundئاوازدا، کە ئەم توخمەش پێویستی بە دابەشکردنێکی تۆکمە یاوەری هارمۆنیدا هەیە. بۆیە زۆر گرنگە بابەتی هاوسەنگی دەنگی نێوان دوو توخمەکە لەبەرچاو بگرێت.

**٦.٢ جۆرەکانی کۆرد**

لە بارۆکەوە تا سەردەمی کلاسیک و گەیشتن بە چاخی ڕۆمانسی، ئاوازدانەران پێشکەوتنی هارمۆنی وەک نەریتێکی سەرەکی موزیکدانانیان بەکاردەهێنا. جووڵە لە ئاکۆردێکەوە بۆ ئاکۆردێکی تر جوڵەیەکی بەهێز بە موزیک دەبەخشێت و بەشدارە لە پەرەسەندنێک کە تەنها لە میلۆدی یان ڕیتمدا نادۆزرێتەوە. لە ڕێگەی هەموو ستایلە بەکارهێنراوەکانەوە کە هارمۆنی تۆناڵی لەخۆدەگرێت، تا ڕادەیەکی زۆر شێوە و پێکهاتەی کارە موزیکییەکان بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئاکۆرد دیاری دەکرێت. جا لێرەدا جۆر و شێوازگەلی کۆردەکان زۆرن، بەڵام لێرەدا دەتوانی جۆرەکان بە تەنها لە دەنگی (دۆ) وەکو نمونەیەک لەم نمونەیەی خوارەوە نیشان بدەین (Benward, B. 2014: 272).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نمونەی ژمارە (١) جۆرەکانی کۆرد لەسەر دەنگی دۆ

### ٧.٢ بەکارهێنانی کۆرد لە موزیکی رۆژهەڵاتی

لە میانی بەکارهێنانی ئەکۆردە موزیکیەکاندا لە نێو موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا بابەتێکی سەرنجڕاکێش دەبێت بە ووردی و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە لێرەدا هەندێک لە ئاکۆردەکان کە وەک بابەتێکی هارمۆنی دەشێ بگونجێن بۆ ئەم موزیکە دەیانخەینە ڕوو کە لە دووتۆیی ئەم بابەتە هەستیارەدا ڕەنگدانەوەی ئەکادیمی و هونەری دەبێت، وەک ئاکۆردەکانی(سەس٤، سەس٢)، ئەم جۆرە کۆڕدە لە موزیکی میللی گەلان بە بەربڵاوی بەکاردێت، بە تایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا. "sus" کورتکراوەی ووشەی (suspended) واتە هەڵواسین، هەڵبەتە دوو جۆری بنچینەیی کۆڕردی سەس هەن، ئەوانیش کۆڕدی سەس 4 و سەس 2 ، لە کۆڕدی سەس ٤

دا دەنگی چوارەمی تەواو جێگەی دەنگی سێیەمی کوردەکە دەگرێتەوە. هەروەها لە کۆردی سەس ٢ دا، دەنگی دووەمی پەیژەی سەرەکی جێگەی دەنگی کۆردەکە دەگرێتەوە. کەواتە هەردوو کۆردە تازەکە لەم گۆڕانکارییەدا دەنگی پێنجەمینی تەواو و دەنگی یەکەمی کۆڕدەکە بە جێگیریی دەمێنێتەوە و بە تەنها دەنگی سێیەمی کۆڕدەکە گۆڕانی بەسەردا دێت :(Hutchinson, 2017 .65)

**٨.٢ بەکارهێنانی کۆرد لە دیرۆکی گۆرانی دانراوی کوردی باشوری کوردستان**

هاڕمۆنی دانان بۆ میلۆدی لە باشووری کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی نیە، بۆیە ئەم مێژووە بۆ ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە ئەویش بریتیی بوو لە چەند هەوڵێک بۆ بە هاڕمۆنیکدرنی میلۆدی کوردی و بەکارهێنانی کۆرد دەکات بۆ گۆرانی کوردی کە لە لایەن هەندێ لە موزیسیانە خەمخۆرەکانی ئەم بوارە لە هونەرمەندانی ئەوکات هەبوون. یەکێک لەو هونەرمەندانە (قادر دیلان) بوو لە ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو چەند گۆرانیەکی بەشێوەی فرەدەنگی لە گەڵ هەندێک ئامێری ڕۆژئاوایی تۆمار کرد، ئەویش هونەرمەند. ژەنین و تۆمار کردنی بەرهەمەکان لە وڵاتی (چیك) ئەنجام درابوو. هونەرمەند قادر دیلان ژەنیاری ئامێرەکانی (شمشاڵ، کەمان، کلاڕنێت) بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە ئێستگەی پراگ دەست بەکار دەبێت، هەر لەم ساڵەدا چەند پارچە موزیکێك دادەنێت بە ناوەکانی (دەمی ڕاپەرین، سەمفۆنیای مندالان، کاروان سەرا)، هەروەها یەکێک لەو گۆرانیانەی کە بەشێوەی هۆمۆفۆنی تۆمار کراوە گۆرانی (قژکاڵی لێو ئاڵی)ە کە ئامێرەکانی (گیتار ئێلیکتریک، باص گیتاڕ) بەشێوەیەکی بەرچاو گوێبیستی کۆردی گۆرانیەکە دەبین و کۆردەکانی ئەم گۆرانیە تەنها کۆردەکانی مێجەر و ماینەرن، ئامێرە فوودارە مسیەکان (Brass) لەم بەرهەمانەدا شێوەی هاڕمۆنی تێدا بەکار هاتووە ئەمە و جگە لەو ئامێرانەی کە لەگەڵ گۆرانیەکە بەشێوەی کۆنتراپۆینت یاوەریی میلۆدی گۆرانیەکە دەکەن(شانشین، ١٩٩٩).

سەبارەت بە شاری هەولێر لە دیمانەیەکدا توێژەر لەگەڵ هونەرمەند سەڵاح نەجمەدین ئەنجامی دا ووتی: "ساڵی ١٩٧٤ بۆ یەکەم جار کە تەجرووبەم لە گۆرانی گوتن لە گەڵ کۆرد ئەوە بوو لە فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەخدا بوو لە گەڵ تیپی هونەری هەولێر کە ئەو کات (یوسف باکوری)یان هێنابوو گیتاری دەژەند بە شێوەی کۆرد، من لەو فیستیڤاڵە دوو گۆرانیم پێشکەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کرد لە گەڵ یوسف باکوری بە ئامێری گیتارِ، لەو سەردەمە شتێکی تازە بوو بە نسبەت هونەری کوردی لە هەولێر" (نجم الدین، ٢٠٢١: دیمانە). لە دوای ئەوە و لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان چەند گروپێکی موزیک دروست بوو کە ئامێرەکانی ئامێری گیتار و سنتیسایزەر (ئۆرگ) ئامێری سەرەکی بوون کارە هونەرییەکانیاندا، کاری ئەم ئامێرانە لەم گروپە موزیکیانە ژەنینی ئاکۆردەکان بوو، بەڵام بە شێوازێکی سەرەتایی کە تەنیا ئاکۆردەکانی (مێجەر، ماینەر)یان بەکار دەهێنا، هەروەها لە هەڵبژاردنی گۆرانیەکانیشدا تەنها ئەم گۆرانیانەیان دەژەنی کە مۆدە رۆژهەڵاتیەکانی تێدا نەبوو(نجم الدین، سەرچاوەی پێشوو).

لێرەدا گرینگە رۆڵی داهێنەرانەی گروپی موزیکی پاشای گەورەی رواندوز بخەینە روو، بە تایبەتی لە رووی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی کە رۆڵی یاوەری هارمۆنییان گێراوە، لە ناوەراستی ساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە چەند کارێکدا ئامێری (گیتارِ، باص گیتارِ) لە زۆربەی بەرهەمەکانیاندا بەکاریانهێناوە، هەم وەکو سۆڵۆ و هەم وەکو ژەنینی کۆرد. بێگومان کە باسی ژەنینی ئامێری گیتارِ دەکەین سروشتی ئەم ئامێرە لە ژەنینیدا دوو رۆڵی سەرەکی هەیە، لە لایەک خۆ گونجاندنە لە گەڵ میلۆدیەکەدا بەشیوازی ئاکۆرد، دووەمیش ژەنیە بە شیوازی ئەو ریتمەی کە بۆ میلۆدیەکە داندراوە، واتە دەتوانین بڵێین ئەو ئامێرانەی کە بۆ بواری هۆمۆفۆنی رۆڵ دەگێرن پردێکی گەیەنەرە لە نێوان میلۆدی و ریتمدا. رەنگدانەوەی ئامێری گیتارِ بە چری لە نێو گروپی موزیکی پاشای گەورەدا دەگەرێتەوە ساڵی(١٩٨٧- ١٩٨٨- ١٩٨٩) لە کاسێتێکدا بۆ هونەرمەندان (هاوتا ئەسعەد، ئەحمەد مەندانە، نەجمەددینی غوڵامی) کە پێکهاتبوو لە نۆ تراک ئامێرەکانی گیتارِ و باص گیتارِ رۆڵێکی سەرەکیان لە نێو ئەم نۆ تراکەدا هەبوو( ئاغا، ٢٠٢٢: دیمانە).

لە شاری دهۆک ساڵی (١٩٧٩) گروپی موزیکی دهۆک دامەزرا بە سەرپەرشتی هونەرمەند (دلشاد محەمەد سەعید) لە نێو ئەم گروپە موزیکییەدا ئامێرەکانی ئۆرگ و گیتارِ هەبوون و کاری یاوەریکردنی میلۆدیەکانیان دەکرد. ئەوەی شایانی باشە ئەم گروپە زۆربەی ئەو گۆرانیانەی کە کاریان لە سەری دەکرد مۆدە رۆژهەڵاتیەکان بوو. یەکێک لە ئەندامانی گروپی موزیکی دهۆک هونەرمەند ئاری کە ژەنیاری ئۆرگ بوو دەڵێ"مامۆستا دلشاد محەمەد هەموو ئەو کۆردانەی بە

ئێمە دەگوت چۆن بیژەنین، تەنها کۆردەکانی مێجەر و ماینەرمان دەژەنی، خۆمان لەو دەنگانە دەپاراست کە دەنگی سێ چارەگ بوون لەم شوێنانە کۆردمان نەدەژەند"(عبدلله، ٢٠٢٢: دیمانە).

## ٣. میتۆدۆلۆجی توێژینەوە

توێژەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی سامپڵەکانی توێژینەوەکە، سودی لە تۆماری ئەو گۆرانیانەی کە لە یوتوب و سیدی و کاسێتەکان و ئەرشیفی هونەرمەدان لە چەندین گۆرانی دانراو وەرگرتووە. دوا بەدوای کۆکردنەوە و نوسینەوەی نۆتەکانی چەندین گۆرانی توێژینەوەکە کە پەیوەستن بە سنوری بابەتی توێژینەوەکە، توێژەر بە ڕاوێژکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیە یەک گۆرانی وەك سامپڵی سەرەکی ئەم توێژینەوە هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەکە دەستنشانکرد.

هەروەها بۆ دانانی پێوەرەکانی شیکردنەوەی سامپڵەکە، توێژەر بە ڕاوێژ و هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیە، ئەم میتۆدەی خوارەوە بۆ شیکردنەوەی سامپڵەکە (گۆرانی قەدەر/ ئاواز و دابەشکردن و وتنی زەکەریا عبدالله) دەستنیشانکرد، کە لە شەش پێوەری شێکردنەوە پێکدێت و بریتییە لە:

١- مۆد: مەبەست لێی جۆری پەیژەی گۆرانییەکەیە.

٢- ریتم: کێش و ریتمی گشتی و ڕیتمی ناوەوە دەگرێتەوە.

٣- میلۆدی (ئاواز): توخمی یەکەمی هۆمۆفۆنییە کە مۆتیڤ و ڕستەی ئاوازی گۆرانییەکە دەگرێتەوە.

٤- ئاکۆرد (یاوەری): توخمی دووەمی هۆمۆفۆنییە کە ڕەمزی هەموو ئەو کۆردانەی لە گۆرانییەکە ژەندراون، بە پێی هەڵکەوتەیان لە نێو پێکهاتەی ئاوازەکەدا شیکاری دەکرێن.

٥- سکوێنس: ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە شێوازی زنجیرەییان هەیە و هەردەم ڕێڕەوی میلۆدی بۆ سەرەوە و خوارەوە ئاراستە دەکات.


٦- ئامێر: ڕۆڵی ئەو ئامێرانەی کە کارابیەی هۆمۆفۆنییەکە دەگرنە ئەستۆ.

سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی پێوەرە دەستنیشانکراوەکانی سەرەوە شیکردنەوەی بۆ کراوە، یەکێکە لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی (زەکەریا عبدالله)، لە ساڵی(٢٠١٠) بڵاوی کردۆتەوە،

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆزیکەکە لە لایەن ناوبراو خۆی کاری دابەشکردنی موزیکیی بۆ کراوە و لە وڵاتی تورکیا کاری ژەنین و تۆمارکردنی بۆ کراوە. ئەم گۆرانیە لە ڕووی بێکهاتەی (مۆد)ەوە مەقامی بەیاتە لەسەر دەنگی(لا). هەروەها کێش موزیکەکە بریتییە لە (٤/٤). ئەو ئامێرانەی کە تێیدا بەشدارن وەکو ژەنینی میلۆدی پێکهاتوون لە(قانون، نای، سترینگ). هەروەها ئامێرە ڕیتمیەکانی وەک(دڕام، پەرکێشن) و ئەو ئامێرانەی کاری یاوەری بە شێوەی هۆمۆفۆنی (هاڕمۆنی)یان پێ سپێردراوە ئەمانەن؛ (گیتار ئەکۆستیک، گیتارباص، ئێلیکتریك پیانۆ). لێرەدا توێژەر لە شیکردنەوەکەدا تیشك دەخاتە سەر لایەنی هۆمۆفۆنی و پێوەرەکانی تر لە شیکاری ئەم گۆرانیە بۆ زانینی چۆنێتی بەکارهێنانی کۆرد لەگەڵ میلۆدی و موزیک گۆرانیەکە و چۆنێتی گونجاندن و ئاوێتەکردنیان هەرەوها زانینی ڕۆڵی ئەو ئامێرانەی کاری هۆمۆفۆنیەکە لە ڕوی هاڕمۆنی ڕیتمی ناوەوەی گۆرانیەکە ئەنجام دەدەن.


دەستپێکی سەرەتای گۆرانیەکە لە باڕی یەکەم لە ترپەی دووەم دایە، کە بە میلۆدیە سەرەکیەکە دەستپێدەکات. بیرۆکە سەرەکیەکە (مۆتێف) لە لایەن هەردوو ئامێری (قانون، نای) نمایش دەکرێت و چەندین جار هەمان مۆتێڤ دووبارە دەبێتەوە. هەر جارێکیان لە تۆنێک نزمتر ئەم تەکنیکە لە زانستی موزیك پێی دەگوترێت (سکوێنس) ئەمەشان زیاتر بۆ ئاڵوگۆڕی بەردەوامی ڕستە موزیکییەکە بەکار دێت. دواتر لە باڕی دووەمدا ڕاستەوخۆ یاوەری هاڕمۆنی بۆ موزیکەکە دەستپێدەکات و یەکەم کۆردی گۆرانیەکە دەژەندرێت کە (ڕێ) ماینەرە. تۆنی ڕێ دەکاتە دەنگی چوارەمی سکێڵی گۆرانیەکە (ڕێ، فا، لا)، لە زانستی هاڕمۆنیدا کۆردێک لەسەر دەنگی چوارەمی سکێلەکە بێت پێی دەڵێن (سەب دۆمینانت)، بەڵام لەموزیکی ئەم سەردەمەدا تەنها ناوی کۆردەکە بە سیمبولەکانی کۆرد بە ئاسانترین شێواز دەنوسرێت، ئەمەش وا دەکات کە بۆ نووسین و خوێندنەوە ئاسان بێت.



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نمونەی ژمارە (٢) تێمی یەکەم

ئەگەر سەیرێکی ئەم نمونەیەی سەرەوە بکەین دەستپێکی ژەنینی کۆردەکە لەگەڵ تۆنی میلۆدیەکە کە تۆنی (فا)یە دەکاتە دەنگی دووەمی پێکهاتەی کۆردەکە، لە ڕووی زانستی هارمۆنیەوە گونجاندنێیکی زانستیە و ئەم کۆردە لە دوو باڕدا بەردەوامی دەبێت. هەرچەندە میلۆدیەکە لەم دوو بارەدا بەرزی و نزمی تۆنی تێدایە بەڵام ترپەی بەهێز و دەنگە سەرەکیەکەی موتێڤەکە لە باڕی یەکەمەوە تا باڕی سێیەم جەخت لەسەر دەنگی (فا) دەکاتەوە. لە ترپەی دووەم لە باڕی سێیەم هەمان مۆتێڤ دووبارە دەبێتە بەڵام ئەمجارە لە تۆنێک خوارتر، هەروەها گۆڕانکاری لە شێوازی کۆردەکە ڕوودەدات. ئەگەر سەرنجی کۆردەکە بدەین دەبینین دۆ مێجەر نووسراوە دواتر هێڵێکی لار هەیە لە دوای ئەو ڕێ مێجەرێ هەیە و دواتر لە ناو کەوانە (دۆ مێجەر نۆ) هەیە. ئەوەی ناو کەوانەکە جۆری کۆردەکەیە کە بەکار هاتووە، بەڵام ئەوەی پێش کەوانەکە جۆری کۆردەکەیە کە بە چ شێوازێک ژەندراوە و جۆری هەڵگەڕانەوەکەش دیاری کراوە کە دۆ مێجەر نۆیە و هەڵگەڕاوەی چوارەمە و دەنگی چوارەم لە کۆردەکە لابراوە، ئەمەشان لە زانستی هارمۆنیدا کارێکی ڕێگا پێدراوە. سەیری نمونەی خوارەوە بکە.





نمونەی ژمارە (٣) کۆڕدی دۆ مێجەر نۆ

مەبەست لە دەنگی (دۆ)کە دەستی ڕاستە لە پیانۆ، واتە کۆردەکە لە دەستی ڕاست تەنها (دۆ مێجەر) دەژەندرێ، ئەوەی دیکەیان کە دوای هێڵە لارەکەیە کە بە (ڕێ مێجەر) نووسراوە مەبەست لێی کۆردی ڕێ مێجەر نیە بەڵکو مەبەست لێی تەنها دەنگی (ڕێ)یە کە لە خوارەوە (باص) دەژەندرێت. ئەم شێوازەی نوسینەوەی کۆرد لە سەردەمی ئێستاماندا زۆر باوە، ئەمەشان بۆ ئاسانکاری لە نوسین و خوێندنەوەی کۆرد بەکاردێت، هەروەها ئەم جۆرە نوسینەی کۆرد زیاتر لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆزیکی(جاز)ەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم کۆردەی کە بۆ ئەم مۆتێڤەی دووەم بەکار هاتووە تام و چێژێکی تایبەتی بە میلۆدیەکە بەخشیوە و لە هەمان کاتدا خۆی لە پاڕەلێلی پێنجی و هەشتی دەرباز کردووە، چونکە دەنگی ژێرەوە(باص) هەر بەردەوامی هەیە و لە شوێنی خۆیەتی، هەرچەندە لە سەردەمی ئەمرۆماندا هیچ کۆت بەندێک لە ڕووی دانانی کۆرد نەماوە، هەروەها مۆزیکی ڕۆژهەڵاتی لە ڕووی دروست کردنی میلۆدی و هارمۆنی جیوازیەکی زۆری لە گەڵ مۆزیکی ڕۆژئاوایی و سیستەمی مۆزیکی تۆنال هەیە.

ئەگەر سەیرێکی کۆردی سێیەم بکەین کە (سی بیمۆڵ مێجەر)ە، دەستپێکی دانانی کۆردەکە لە گەڵ تۆنی(ڕێ) دانراوە و مۆتێڤەکە هەمان مۆتێڤی پێشوە بەڵام بە شێوازی سکوێنس، لەم کۆردە هەڵگەڕانەی یەکەم بۆ کۆردەکە کراوە واتە دەنگی (ڕێ) چۆتە باص کە لەگەڵ کۆردەکانی پێش خۆی لە خوارەوە هەمان دەنگ هاوبەش پێکدێنن، ئەمەش وای کردووە مۆرکێکی تایبەت بە میلۆدی و کەشی گۆرانیەکە بدات و لە هەمان کاتدا دەرباز بوونە لە پاڕەلێلی پێنجی و هەشتی چونکە باصەکە بەردەوامی هەیە.




نمونەی ژمارە (٤) سکوێنس

دوای ئەوەی چەند جارێک مۆتێڤەکە دووبارە بویەوە لە باڕی (٧، ٨) دا، ڕستەی مۆزیکەکە کە (٨) باڕە بە کەدانسێک کۆتایی پێدێت، ئەم بەشە لە ڕووی میلۆدیەوە جیاوازی لەگەڵ مۆتێڤە سەرەکیەکە هەیە، ئەمەش خاسیەتی ڕستەی مۆزیکەیە، کە لە کۆتایی هەر ڕستەیەکی مۆزیکیدا کەدانسێکی بچوک بوونی هەیە، ئەم ڕستە مۆزیکیە بە تۆنی (دۆ) کۆتایی دێت و کۆردی (لا) ماینەری بۆ بەکار هاتووە کە دەکاتە تۆنیك. ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە لەو شیکردنەوەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیشک بخرێتە سەری بریتییە لە سێ چارەگە تۆنەکان، بۆ ئەوەی بزانرێت لەم گۆرانیەدا چ جۆرە کۆردێکی لەگەڵ گونجێندراوە، ئەویش دەنگی(سی نیو بیمۆڵ)ە، کۆردی سۆڵ سەس چوار(G(sus4))، بەکارهاتووە، هۆکاری بەکارهێنانی ئەم کۆردە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە زانستی هارمۆنی تۆنالدا تەنها تۆن و نیو تۆنەکان دەتواندرێت پێکهاتەی کۆرد یاخود هارمۆنی دروست بکەن. بەڵام لە بەشێك لە مۆدە ڕۆژهەڵاتیەکان دەنگی چارەگە تۆنی و سێ چارەگە تۆنی هەیە بۆیە بۆ گونجاندنی هارمۆنی بۆ ئەم چارەگە دەنگانە کە لە میلۆدیەکاندا هەن پێویستە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بکرێت و لە هارمۆنی دانان بۆ ئەم دەنگانە خۆمانیان لێ دەرباز بکەین، بە تایبەتی ئەو ئامێرانەی کە کاری یاوەری و هۆمۆفۆنی بۆ میلۆدیانە ئەنجام دەدەن، ئەم ئامێرانەش تۆنەکانیان چارەگە دەنگی تێدا نیە بۆ نمونە ئامێرەکانی (گیتار، پیانۆ).




نمونەی ژمارە (٥) کۆردی سەس٤

ئەگەر سەیرێکی ئەم نمونەیەی سەرەوە بکەین دەبینین لە گەڵ دەنگی (سی نیو بیمۆڵ) کە دەکاتە دەنگی دووەمی سکێڵی مۆدەکە، کۆردی (سۆڵ سەس ٤) بەکارهاتووە، مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم کۆردە بۆ ئەم دەنگی میلۆدیە ئەوەیە کە ناتواندرێت کۆردی (سیکاربیمۆڵ، ڕێ، فا) دابندرێت، چونکە هەروەکو ئاشکرایە لە زاستی هارمۆنیدا ئەو دەنگانەی بە دەرن لە تۆنی تەواو و نیو تۆن ناتواندرێت هارمۆنی بۆ دابندرێت، بە تایبەتی بۆ ئەو ئامێرانەی کە تۆنەکانیان جێگیرە. بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە گونجاندنێک بکرێت کۆڕدێک بەکار بهێندرێن کە گونجانی هەبێت لە گەڵ میلۆدیەکەدا، یاخود ئەو دەنگەی کە لە میلۆدیەکەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە لە پلەی دەنگی حەوتەمی سکێلەکە کە دەکاتە (سۆڵ) کۆردەکەی پێکدێت لە سۆڵ مێجەر(سۆڵ، سی، ڕێ)، بەڵام

لێرەدا کێشەیە دێتە پێشەوە ئەویش ئەوە لە میلۆدی دەنگی سی چارەکە تۆنێک نزم کراوەتەوە چونکە مۆدەکەی بەیاتە و هەر لەبەر ئەوە ناتواندرێت دەنگی (سی) لە کۆردەکەدا هەبێت، هە لەبەر ئەوەش چارەسەرەکەی وا بۆ کراوە کە دەنگی دووەمی کۆردەکە واتە(سی) هەڵواسینی بۆ بکرێت بۆ دەنگێک سەرووی خۆی واتا (دۆ)، بەم جۆرە کۆردەکە دەبێتە(سۆڵ، دۆ، ڕێ)، هەڵواسینی دەنگ لە کۆرددا دەکرێ بۆ خوارەوەش بێت کە دەبێتە(سۆڵ سەس٢) دەنگەکان پێکدێن لە(سۆڵ، لا، ڕێ)، بەڵام لەم گۆرانیەدا جۆی یەکەم بەکارهاتووە. شایانی باسە ئەم جۆرە کۆردە هەڵپەسێردراوە کە بە (سەس) ناونراوە لە موزیکی جازدا سەری هەلداوە. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا لە موزیکی مۆدێرن هیچ کۆت و بەندێک نیە لە بابەتی هارمۆنی و کۆرد و میلۆدی، دونیای ئەمڕۆی موزیک بەندە بە چێژ و ڕاهاتنی هزری دانەر و گوێگر لەسەر هەر جۆرە ستایلێکی موزیکیدا.


بۆ نمونە ئەگەر بێت و بە شێوازی موزیکی سەردەمی کلاسیک بمانەوێ کۆرد بۆ ئەم دەنگەی کە لە مۆدی بەیاتدا هەیە ئەویش (سیکار بیمۆڵ)ە دابنێین یاخود تاقیبکەینەوە دەبێت بیر لە کۆردەکانی (تۆنیک، سەب دۆمینانت، دۆمینانت) بکەینەوە، سەرەتا دەبێت بزانین مۆدی بەیات لە چ مۆدێکی ڕۆژئاواییەوە نزیکە، بێگومان لێکچونێکی زۆر لە نێوان بەیات و ماینەر ناتۆراڵدا هەیە، بۆ نمونە ئەگەر سکێلی (لا) بە نمونە بێنینەوە، جیاوازیەکەیان تەنها دەنگی (سی)یە لە بەیاتدا دەبێتە (سیکار بیمۆڵ)، ئەگەر بێت و بە شێوازێکی زۆر سادە بمانەوێ بۆ دەنگی دووەمی سکێلی ماینەر کۆرد دابنێین پێویستە بیر لە کۆردی (دۆمینانت) بکەینەوە، چونکە تەنها لە پێکهاتەی دۆمینانتدا کە یەکێکە لەم سێ پێکهاتە سەرەکیە دەنگی دووەمی سکێڵەکە هەیە واتە (می، سۆڵ، سی)، ئەمەیان بۆ سکێڵە ڕۆژئاواییەکە گونجاوە، بەڵام ئەگەر بێت و بۆ مۆدە ڕۆژهەڵاتیەکە دایبنێین دووبارە کێشەیک دێتە پێشەوە ئەویش دەنگی (سیکار بیمۆڵ)ە، دەبێت چارەسەری بکەین ئەویش بە زیاد کردنی دەنگی کۆردی دۆمینانت بۆ (دۆمینانت٧) و لابردنی دەنگی سێیەم کە دەکاتە دەنگی (سی) کە ئەمەش لە زانستی هارمۆنی کلاسیک ڕێگە پێدراوە، دواتر هەڵگەڕانەوە بۆ کۆردەکە بکرێت بۆ ئەوەی دەنگی سۆڵ بهێنینە دەنگی باص کە تام و چێژێکی تایبەت بە موزیکەکە دەبەخشێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



نمونەی ژمارە (٦) دانانی کۆرد بۆ سێچارەگە دەنگ


ئەمەی کە باسمان کرد تەنها وەکو تێبینیەک بوو چونکە تا ئێستا لە هیچ گۆرانیەکی ڕۆژهەڵاتی ئەم جۆرە کۆردە نەبینراوە.




نمونەی ژمارە (٦) باری ١٣ تا ١٨


لە باری(١٦)دا کۆتا باری ڕستە موزیکیەکەی یەکەمە بە کۆردی (فا مێجەر٧) کۆتایی میلۆدیەکەش لە سەر تۆنیکی سکێڵەکە کۆتایی هاتووە، ئەمەش لە موزیکی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ئەم جۆرە کۆردە باوە کە باص لە دوو تۆن خوار میلۆدیەکە دابنرێت. دواتر لە باری (١٧)دا میلۆدیەکی نوێ دێتە پێشەوە کە تەواو جیاوازە لە گەڵ مۆتێڤی میلۆدیەکەی پێشووتر سەرەتای میلۆدیەکە هەمان ئەم دەنگانەن کە لە کۆردەکە هەیە ئەویش کۆردی (فا مێجەر٧)ە، میلۆدیەکەش لە سەرەوە بۆخوارەوە بە هەمان دەنگی کۆردەکە دێتە خوارەوە(فا، می، دۆ، لا)، ئەگەر سەیرێکی میلۆدیە نوێیەکە بکەین لە سەرەتای میلۆدیەکە گۆڕانکاری لە مۆدەکە دروست دەبێ لە مۆدی بەیاتەوە دەبێتە مۆدی(کورد).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نمونەی ژمارە (٧) گۆڕانی مۆدەکە لە بەیاتەوە بۆ کورد

لە کۆردی (می بیمۆڵ مێجەر٧) میلۆدیەکە لە دەنگی (سۆڵ)دا وەستاوە، هەرچەندە سکێڵەکە دەنگی (می بیمۆڵ)ی تێدانیە بەڵام میلۆدی و کۆردەکە بەیەکەوە تام و چێژێکی تایبەتی بەخشیوە، دواتر میلۆدیەکە بەردەوامی هەیە و هەر لە هەمان دەنگدا دەمێنێتەوە، بەڵام کۆردەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تەنها لە دەنگی باص کە لە دەنگی (می بیمۆڵ)ەوە دەچێت بۆ دەنگی (می) بەمەش جۆری کۆردەکە دەگۆڕێت بۆ (می دیمینش)، ئەم گۆڕانکاریە تێپەڕ بوون یاخود جوڵەیەکە بۆ کۆردێکی تر، هەروەها نزیک بوونەوەی دەنگی باص و دەنگەکانی تری کۆردەکەن. دواتر ئەو میلۆدیە دەچێتە دەنگی (دۆ) هەروەها کۆردەکە دەبێتە (فا مێجەر) کە پێکهاتەی کۆردی فا مێجەر خۆی لە خۆیدا دەنگی دۆی تێدایە. دوای ئەوە دووبارە میلۆدیەکە دەگەڕێتەوە سەر هەمان سکێلی پێشووی خۆی کە مۆدی بەیاتە. لە باڕی (٣٠)دا دووبارە کۆردی (سۆڵ سەس٤) دێتەوە پێشەوە، بەڵام ئەمجارەیان بۆ دەنگی (سیکار بیمۆڵ) بەکار نەهاتووە، بۆیە کە میلۆدی دەچێت بۆ دەنگی سۆڵ دەڕوات ئەمەش گونجاندنێکە بۆ دەنگی سۆڵ لە مۆدی بەیاتدا.




نمونەی ژمارە (٨) باڕی ٢٩ تا ٣٣

ئەوکاتەی کە میلۆدیەکە بوو بە مۆدی کورد بۆ دەنگی سۆڵ بینیمان کۆردی (میبیمۆڵ مێجەر٧) بەکار هاتبوو، بەڵام ئەمجارەیان لە مۆدی بەیات بۆ دەنگی سۆڵ کۆردی (سۆڵ سەس٤) بەکار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتووە و بەکارهێنانی ئەم کۆردانە لەم گۆرانیەدا دەکەوێتە سەر بەها زانستی و سەلیقەی ئەو موزیسیانەی کە دابەشکردی ئاوازەکە و موزیکەکەی بۆ دەکات و ئەم دابەش کردنانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یاخود لە گۆرانیەکەوە بۆ گۆرانیەکی تر دەگۆڕێت. لە میلۆدی ئەم گۆرانیەدا چەندین تۆنی تێپەڕ هەن کە کۆرد تێیاندا بەکار نەهاتووە، ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە ناکری بۆ هەر دەنگێکی میلۆدی کۆردێک دابندرێت چونکە لە زانستی موزیک و هارمۆنی زیاتر تیشک دەخرێتە سەر ئەو دەنگانەی کە میکۆدیە تێیدا دەگیرسێتەوە، ئەمە شێکردنەوەیەکی پوخت بوو لە سەر سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕووی بەکارهێنانی هۆمۆفۆنیدا.

## ٤. ئەنجام

ئەنجامی شیکردنەوەی موزیکیی بۆ سامپڵی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە خراونەتە ڕوو:

١-لە ڕووی (مۆد)ەوە: وردەکاری بابەتەکە بریتییە لە مەقامی بەیات لەسەر (لا) و لە ئاستی بەکارهێنانیدا مەقامی بەیات لەسەر (لا) نزیکترین پەیژەیە لە مۆدی ئایۆڵیانی کلێسابیە، جا چ وەکو پەیژە چ وەکو دەنگەواری موزیکی. بەڵام تەنها ئەوەی جیایان دەکاتەوە بریتییە لە تۆنی دووەم کە دەکاتە دەنگی (سی) لە مەقامی بەیاتدا یەک چارەگە تۆن لە مۆدی ئایۆڵیان نزم ترە. هەروەها لە ڕووی تۆناڵەوە ئەم مۆدە لە سکێڵی ماینەر نزیکە، کەواتە لێرەدا دەتواندرێت گشت کۆردەکانی پەیوەست بەو دوو پەیژەیە بخەینە خزمەت مەقامی بەیات جگە لە تۆنی دووە کە دەکاتە دەنگی (سی کاربیمۆڵ).

٢-لە ڕووی (ڕیت)مەوە: وردەکاری بابەتەکە سەبارەت بە کێشی بەرهەمەکە بریتییە لە کێشی ٤/٤.

٣-لە ڕووی (میلۆدی)ەوە: وردەکاری بابەتەکە لە دوو تێم یان بابەت پێکدێت یەکەمیان ١٦ باڕە لە (١ بۆ ١٦) خاسیەتی ڕستەسازی موزیکییەکەی چوارخشتەکیە. هەروەها بابەتی دووەیان ٢٣ باڕە لە (٣٦ بۆ ٥٨) خاسیەتی ڕستەسازییەکەی چوارخشتەکی نییە. و لە ئاستی بەکارهێناندا جگە لەم دوو تێمەی کە دەستنیشان کران وەکو شوێنی چڕنی گۆرانییەکە، دوو ڕستەی تری میلۆدی تێبینی کراوە کە ئەوانیش بریتین لە:

آ- پێشەکی موزیک کە لە باڕی ١٧ دەسپێدەکات تاکو باڕی ٣٦ بەردەوامی دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، -بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب- لەزمەیەکی موزیکیی لە باڕی ٥٩ تاکو باڕی ٦١ بەردەوامی دەبێت، ئەمەشیان وەکو پردێکە دەردەکەوێت بە مەبەستی بەستانەوەی دوو بابەتە جیاوازەکەی گۆرانییەکە بەکارهاتووە.

٤- لە ڕووی (ئاکۆرد)ەوە: لە وردەکاری بابەتەکەدا هاتووە:

آ- بۆ پێشەکی موزیکی تێمی یەکەم ئەم کۆڕدانە دانراون:

Dm- C/D (C7)- Bb- Am- Bb- Am- G(sus4)- Am/F (F7)-

ب- موزیکی پێشەکی ئەم کۆڕدانە دانراون:

Am/F (F7)- Am-Gm/Eb (E7)- Gm/E- F- Dm/Bb (Bb7)- Am- G(sus4)- Am- Dm- Am

ج- بۆ تێمی دووەم- گۆرانی ئەم کۆڕدانە دانراون:

Bb- Am- Bb- Am- Dm- Bb- Am- Am- Dm/Bb (Bb7)- Am- Am- G(sus4)

د- لەزمەی موزیک ئەم کۆڕدە دانراوە:

Am

هـ - دووبارە تێمی یەکەم ئەم کۆڕدانە دانراون:

Dm- C/D- Am- Dm/Bb- Am- G(sus4- Am/F

لە ئاستی بەکارهێناندا دابەشبوونی کۆڕدەکان لەسەر جێگیربوونی تۆن لە میلۆدییەکەدا بە پێی ئەم خشتەیە دابەشکراوە:

خشتەی (١) ئاستی بەکارهێنانی کۆڕدەکان

| تۆنی جێگیربوون | کۆڕدی بەکارهاتوو |
|---|---|
| لا(تۆنی مۆدە سەرەکییەکە) | Am/F (F7) |
| سی کاربیمۆڵ | G(sus4) |
| دۆ | Am<br>F |
| ڕێ | Bb<br>Dm<br>Bb7 |

| | |
|---|---|
| C/D (C7) | می |
| Dm/Bb | فا |
| Gm/Eb (E7) | صۆڵ |

٥- لە ڕووی(سکوێنس)ەوە: وردەکاری بابەتەکە لە تێمی یەکەمدا چوار دانە سکوێنس هەیە کە لەهەر دوو دانە باڕ جارێک سکوێنسێک بە یەک میانەی خوارچوون ئەنجام دراوە، دواتر کۆی هەشت باڕەکە لە دەستەواژەی دووەمدا سکوێنسێکی گەورە بە هەمان یەک میانەی خوارچوون ئەنجام دراوە.

بەڵام لە تێمی دووەمدا بە هیچ شێوەیەک تێبینی هەبوونی سکوێنس ناکرێت، هەروەها ڕەتی ئاوازەکە لە ڕووی جووڵەی میلۆدی جیاوازییەکی ڕیشەیی هەیە و بە شێوازی ئاڵوگۆڕ و ڤارییەیشن بۆ مۆتیڤی بابەتی دووەمی گۆرانییەکە ئەنجامدراوە.

لە ئاستی بەکارهینانیشدا ئاوازدانەر هەوڵیداوە فۆرمێکی سیانی بۆ کارەکە لە ڕێگەی نمایشی بابەتی یەکەم دواتر بابەتی دووەم و پاشان گەڕانەوە بۆ بابەتی یەکەم دابڕێژێت، کە جیاوازی دوو بابەتەکە بەهۆی جەخت کردنەوە لەو سکوێنسانەی لە بابەتی دووەم دێتە ئاراوە.

٦- لە ڕووی (ئامێر)ەوە: لە وردەکاری بابەتەکەدا دابەش بوونی ئامێرەکان بەسەر دوو گروپ (گروپی میلۆدی، گروپی یاوەریکردن).

آ- گروپی میلۆدی بریتین لە ئامێرەکانی (ژێداری کەوانەیی، نای ، قانون).

ب- گروپی یاوەریکردن بریتین لە (گیتاری کلاسیک، باص گیتار، ئۆرگ، درامس).

لە ئاستی بەکارهێناندا لەم کارەدا هەردەم تێبینی دەکرێت گروپی میلۆدی پێشەکی و لەزمە و بەستەرەکان دەژەنن، هەروەها بەرپرسن لە نەخشاندنی تیمبەر بە کارەکە و ئەم گروپە بە شێوازی مۆنۆدیک یاوەری گۆرانیبێژیان کردووە و بە هیچ شێوەیەک بەرپرس نەبوونە لە یاوەریکردنی هارمۆنی بۆ خودی میلۆدی گۆرانییەکە.

بەڵام هەرچی گروپی ئامێرەکانی یاوەریکردنە بە پێچەوانەی گرپی میلۆدی هەڵساون بە ئەرکی دابینکردنی باگراوەندێکی هارمۆنی چڕ یەکانگیر لەگەڵ ڕیتمی بەردەوام و ڕتمی ناوەوەی کارەکە، بۆئەوەی بە چاکترین شێوە ببنە توخمی تەواوکەر لە پرۆسەی هۆمۆفۆنیدا.

## ٥. دەرئەنجام

١- نەبوونی هاوسەنگیەکی گونجاو لە نێوان خاسیەتەکانی ئاواز لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و موزیکی کوردی بە تایبەتی لە پرۆسەی بە هارمۆنیکردنیدا بۆتە هۆی کامڵ نەبوونی پرۆسەی هۆمۆفۆنی و کەم و کوڕی هونەری بەرچاو تێدا دەرکەوتووە چونکە لە موزیکی کوردیدا بە پێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی گۆرانی کوردی هەوڵی بە هارمۆنیکردنی میلۆدی قۆناغ بە قۆناغ هەنگاوی نەناوە و دیراساتی ڕەخنە و پێشوای هونەری ئەو پرۆسەیە نەبۆتە ئامانجێکی بەدەست هاتوو.

٢-لە کاتی چرپین یاخود ژەنینی موزیکی نێو گۆرانییەکاندا هەست بە باکراوەندێکی فراوان و پانتایی هارمۆنی وەکو زەمینەیەک میلۆدییەکە لە خۆ دەگرێت، بەڵام هەرگیز جوڵەی میلۆدی لەگەڵ دەنگە هارمۆنییەکان ئاوێتەی یەکتر نابن، کە بە بەراورد لەگەڵ موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاواییدا قەد ناتوانن هەستی سازان و یەکتابوونی هەردوو بابەتی میلۆدی و بابەتی هارمۆنی لە کرداری هۆمۆفۆنیدا بەرجەستە بکەن.

٣-زانینی یاساکانی فرەدەنگی و هارمۆنی و هۆمۆفۆنی ڕۆژئاوایی تایبەت بە موزیک لای بەشێک لە بژاردەی ئاوازدانەران چەکەرەی کردووە، بۆیە ئەم پرۆسەیە تەریب لەگەڵ مۆرک و پێکهاتەی میلۆدییەکانی لۆکاڵی گونجێندراون، هەرچەندە لەگەڵ کاراییەکانی ئاوازی کوردییدا ناتەبا دەردەکەون، بەڵام بژاردەی هونەرمەندان بۆ ڕێگەگرتن لە شێوانی بناد و پێکهاتە ڕەسەنەکەیدا، توانیویانە شێوازی سەردەمیانە بەکار بهێنن.

٤- نابێت سەرنج و تێبینی کردن لە گەیشتن بە هارمۆنیکردنی موزیکی کوردی هەمان ئەم سەرنج و تێڕوانینە ڕۆژئاواییانە بێت، چونکە ئەو بەها جوانییەی کە پێویستە پێی بگەین هەرگیز نایەتەدی و ناتوانین ئەو گۆڕانکارییە سەرەکییانە ئەنجام بدەین کە کار لە پێکهاتە ڕەسەنەکەی میلۆدی دەکات.

٥- ئەرکی گۆڕانکاری بە ئاراستەی دروست ئەرکی پژاردەی موزیکزانانە نەوەک هی خودی بیسەر، چونکە کەرەستە و تەکنیکی هونەری سەردەم لەبەردەستی ئەواندایە، دواتر با گوێگر خۆی بڕیاری خۆی لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا بدات.

## ٦. ڕاسپاردە

لەژێر رۆشنایی ئەنجام و دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەران ڕاسپاردەی ئەم خاڵانە بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکەن.

١-توێژەران ڕاسپاردەی دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکەن بەوەی گرنگی بە توانستە هونەریەکانی قوتابیانی بەهرەمەند بدەن بە تەرخانکردنی شوێنی تایبەت بۆ پڕاکتیزەکردنی بابەتەکانی گۆرانی کوردی بە بەکارهێنانی سیستەمی پۆلیفۆنی وەك ڕاهێنانیکی بەردەوا بۆ گەیشتن بە میتۆدی زانستێکی هونەری.

٢-دابینکردنی سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو لەسەر بابەتەکانی هۆمۆفۆنی لە نێو موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا، کە ئەم بابەتە دەبێتە دەروازەیەک بۆ بنیاتنانی پڕۆسەی بە هۆمۆفۆنی کردنی گۆرانی دانراوی کوردی.

٣-گواستنەوەی شارەزایی هونەری و زانستی کارکردن بۆ جێبەجێ کردنیان لە نێو دامەزراوە هونەریەکانی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتن بە پرەنسیپێکی یەکگرتووی هونەری بۆ داڕشتنی پڕۆسەی دابەشکردنی گۆرانی کوردی(فۆلکلۆری، میللی، دانراو) کە وەکو دەستپێک ئەم توێژینەوەیە دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی هونەری و ئەکادیمی.

٤-گرنگیدان بە هونەرێکی ئامانجدار بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ یارمەتیدان لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری موزیکی لە نێو کۆمەڵگای هونەری کوردیدا، هەروەها دروست کردنی پردێکی هونەری لە نێوان دام و دەزگا و دامەزراوە هونەریەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دراوسێ.

٥-سازدانی سیمینار و کۆنفرانس و تەنانەت کۆنگرەی موزیکی بۆ ڕوون کردنەوەی ڕۆڵی پڕۆسەی بە هارمۆنی کردنی موزیکی لە نێو گۆرانی کوردی دانراو بە تایبەتی و گۆرانیەکانی کەلەپوری(فۆلکلۆری، میللی)یش بە گشتی و خستە کاری ئەم میتۆدە لە بابەتەکانی وانەی هارمۆنی لە فاکەڵتیەکانی هونەرە جوانەکان لە هەرێمی کوردستان.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:

1. سەرچاوەی عەرەبی
2. زكي مبارك .(٢٠٢٠)، النثر الفني في القرن الرابع، دار القلم للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت/لبنان.
3. برنارد شامبينيول، (١٩٩٩)، تاريخ الموسيقى الناشر الهيئه المصريه العامه،

## سەرچاوەی بیانی

4. Benward, B. (2014). Music in Theory and Practice Volume 1. McGraw-Hill Higher Education.
5. Bergwall, E. (2016). 'Cum organum dicitur': The transmission of vocal polyphony in pre-Reformation Sweden and bordering areas.
6. Cyrus ،Cynthia J. (1999) ،"Music": Medieval Glossary ORB Online Encyclopedia (15 October) (Archive from 9 August 2021؛ accessed 4 May 2022. https://stringfixer.com/ar/Music_of_the_Middle_Ages
7. Forte, Allen (1979). Tonal Harmony in Concept & Practice. ISBN 0-03-020756-8
8. Kallen, S. A. (2013). The history of classical music. Greenhaven Publishing LLC.
9. Long, M. K. (2020). Hearing Homophony: Tonal Expectation at the Turn of the Seventeenth Century. Oxford University Press, USA.
10. Lu, W. T., & Su, L. (2018). Transferring the Style of Homophonic Music Using Recurrent Neural Networks and Autoregressive Model. In ISMIR (pp. 740-746).
11. Mellers, W. (2017). Music in a new found land: Themes and developments in the history of American music. Routledge.
12. Moylan, W. (2014). Understanding and crafting the mix: The art of recording. Routledge.
13. van der Merwe, Peter (1989). Origins of the Popular Style: The Antecedents of Twentieth-Century Popular Music. Oxford: Clarendon Press. ISBN 0-19-316121-4.
14. Wainwright, J. (2017). From Renaissance to Baroque: change in instruments and instrumental music in the seventeenth century. Routledge.

دیدارەکان:
عبدالله، ئاری، (٢٠٢٢)، دیدار ڤدیۆیی لە ڕێکەوتی ٥ / ١٠ /٢٠٢٢ بە ئۆنڵاین (واتسئاپ).
غازی ئاغا، ئامانج، (٢٠٢٢)، دیدار لە ڕێکەوتی ١٠/ ٢٠٢٢/١٠ لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی کوێستانی شاری هەولێر.
نجم الدین، صلاح، (٢٠٢٢)، دیدار ڤدیۆیی لە ڕێکەوتی ٨ / ١٠ /٢٠٢٢ بە ئۆنڵاین (واتسئاپ).

# The Music Homophony in Kurdish Composed Songs

**Sarmand Fuad Mohammed**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sarmandfuad5@gmail.com

**Assist. Prof. Dr. Muhammad Azeez zaza**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
chakermohammad47@gmail.com

**Assist. Prof. Dr. Dlawer Mustafa Muhammad**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dlawer.muhammad@su.edu.krd

***Keywords***: *homophony, polyphony, melody, accompaniment, chord*

## Abstract

It is a qualitative study, based on descriptive and analytical method. The homophonic process is discussed to work on matching the melody in the construction of Kurdish songs in southern Kurdistan. The process includes two elements, melody and  musical accompaniment. In this study, a musical analysis is conducted for the units and components of the research sample, and then the results are presented. During this study many models of previously popular usage methods are discussed, besides revealing many new techniques to enrich this

process in Kurdish music, as recommendations by the researchers to stakeholders.

## الهوموفونية الموسيقية في الاغاني الكوردية المؤلفة

**الملخص:**

دراسة نوعية، تعتمد على المنهج الوصفي والتحليلي. وتناقش العملية الهوموفونية للعمل مع اللحن في بناء الأغاني الكردية في جنوب كردستان. وتشمل هذه العملية العنصرين الاساسيين في الموسيقى وهما اللحن والمصاحبة الموسيقية. في هذه الدراسة تم إجراء تحليل موسيقي لوحدات ومكونات عينة البحث، ثم عرض النتائج. وخلال هذه الدراسة، تمت مناقشة العديد من النماذج لطرق الاستخدام الشائعة سابقًا، إلى جانب الكشف عن العديد من التقنيات الجديدة لإثراء هذه العملية، في الموسيقى الكردية، كتوصيات من قبل الباحثين إلى الأطراف ذات الصلة.

**الكلمات المفتاحية**: الهوموفونيه، البوليفونيه، اللحن، المرافقة، التآلفات